# بەفرێکی زۆر لە ئیگزیتەر باریبوو

ماردین ئیبراهیم
(سلێمانی)

لە ئیگزیتەر بەفرێکی زۆر باریبوو
کچەکەم دەیگوت بابە ئاگات لێیە بەفرێکی زۆر لە ئیگزیتەر باریوە؟

.....

ئەو هەمووە ڕەنجە بەس نەبوو؟ ئەو هەموو حەسرەتە بەس نەبوو؟
وەک پشیلەی دەرکراو لە توونی حەمامەکاندا خەوتیت، سەرگەردان لە شەقامەکانی شاران، ئەو هەموو نیگایەی بەزەیی بەس نەبوو؟
عەشقی ناکام و هەژاری، ترسی خنکان لەناو بەلەمەکاندا، ترسی مەرگ لەسەر سنوور و لەناو کێڵگەی مینەکاندا بەس نەبوو؟
ئینگلاینی ژەنگاوی بەسەر شانە بچکۆلەکانتەوە، بلۆکی گران بەسەر پشتتەوە، پاسەوانی شەوانی درێژی سەربازگە، بڕینەوەی قاچێکت بەس نەبوو؟ ئەوانە هەر هەمووی بەس نەبوو؟ ئۆتیزم؛ پاشانیش شێرپەنجە
لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەش تۆ جوان بوویت
برژانگەکانت بە دەوری چاوتدا دەتگوت خاچپەرستەکانن دەوری ئۆرشەلیمیان داوە

.....

من نەبێت کەس ئەوی لە یاد نەمابوو
زەردەخەنەی مەلوولی من بەلاڕێیدا بردن
نەیانزانی من شەوانی درێژی زستان لە کارگەی ئۆتۆمبێلەکاندا کارم دەکرد
تا یەکشەمان گوڵ بکڕم بۆ سەر گۆڕەکەی
ڕێگاکان ئەویان لە یاد چۆوە، بەرم بۆی کۆڵانەکان ئەویان لە یاد چۆوە، باڵندەکان کە لەسەر لەپی دەستیدا گەنمیان دەخوارد، ئەستێرەکان، باران و برووسکەکان ئەویان لەیاد چۆوە
لە سەردەمێکدا هەمووان هەموانیان لە یاد کرد
دایکی نەمابوو شینی بۆ بگێڕێت، باوکیشی لەناو چاڵی ڕەشی بیرەوەرییەکانیدا بوو نەدەهاتە دەرێ
بەڵام من لە جیاتی هەمووان،ساڵێکیان کە لە ئیگزیتەر بەفرێکی زۆر باریبوو زۆر گریام
هێڵێکی ئاسن هەیە لە ئیگزیتەرەوە بۆ لەندەن، لە کاردیفەوە بۆ مانچستەر، لە ساوس هامپتۆنەوە بۆ گلاسگۆ، لە ناو فارگۆنی هەموو ئەو شەمەنەفەرانەدا لە



جیاتی هەموویان ماتەمم بۆ دانا
دوای ئەوەی کێڵگەی گوڵەبەرۆژەکان کە ئەو ساڵانێکی زۆر ناوی دابوون، فەرامۆشیان کرد
دێراوی تووتنەکان، کێڵگەی برنج و دەغڵەکان و پەرێزەکان فەرامۆشیان کرد
منساڵێکیان لە ئێگزیتەر کە بەفرێکی زۆر باریبوو بۆی گریام
لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەش ئەو جوان بوو
برژانگەکانی بە دەوری چاویدا، دەتگوت جەنگاوەرانی تاریکی کوڕی زیادن دەوری ئەندەلووسیان داوە
.....
نەیزەکی شپرزەم بینی، بە گیانی گڕاوییەوە خۆی فڕێ دەدا ناو دەریای شەوەوە
خوێنی ئاسکەکانم بەسەر قۆڵی ڕاوچییەکانەوە بینی
هاواری کوژراوەکانم لەناو نەسیمی بەیاندا ناسییەوە
ژنانی خەمناکم بینین، خەونی بەدی نەهاتوویان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا
کوڕانی لاوم بینین خەڵتانی هیوای زڕ، نغرۆی ئومێدی ساختە
شاخم بینی بە حەپەساوی سەیری مانگەشەوی دەکرد
کچانی گەنجم بینین، وەک ڕاوچی دەستبەتاڵ لە ڕاوی خەونەکانیان دەهاتنەوە
هەموو ئەوانەم بینی و کەچی ئەوم لە یاد نەکرد
کچەکەم شاهیدە ئەو ساڵەی لە ئێگزیتەر بەفرێکی زۆر باریبوو من گریام
لە ئێگزیتەر بەفرێکی زۆر باریبوو
کچەکەم دەیگوت بابە کێ بروامان پێدەکات بڵێین ساڵێکیان لە ئێگزیتەر بەفرێکی زۆر باریوە؟
.....
هەمووان ئەویان لە یاد کرد
هەر یەکەو بە بەهانەیەک
یەکێک سەفەری کرد و ئەوی لە یاد کرد
یەکێک مرد و ئەوی لە یاد کرد
یەکێک گەردەلوولی پارە هەڵی پێچا و ئەوی لە یاد کرد
سەگەکان کە لەگەڵ ئەودا لەژێر پردەکاندا، لە ژێر سێبەری بێزاری هاویناندا سەیری ئۆتۆمبێل و ڕێبوارەکانیان کردبوو
پشیلەکان کە لەگەڵ ئەودا لەناو توونی حەمامەکاندا خەوتبوون، ئەویان لە یاد کرد
بەڵام من لە یادم نەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەش ئەو جوان بوو
برژانگەکانی بە دەوری چاویدا دەتگوت سوپای یەزیدە دەوری کووفەیان داوە

من لە یادم نەکرد
ئەو ساڵەی لە ئێگزیتەر بەفرێکی زۆر باریبوو زۆر گریام
کچەکەم شاهیدە، ساڵێکیان بەفرێکی زۆر لە ئێگزیتەر باریبوو، بۆی گریام
.....
هەموویان ئەویان لە یاد کرد، بەڵام خۆشیان لە یاد چوونەوە
یارەبی، دەبێت ئێستا دڵیان چەند تەنگ بێت لەناو ئەو گۆڕانەدا؟
وەک مشتێک گەنم بەناو بەردەڵانەکانی زەماندا پەرت بوون
مێژوو هێندە سەری بە تاوێرەکانی پەشیمانیدا کێشان، ئێستا کەس نایانناسێتەوە
غەرقی دووکەڵی گوندە سووتاوەکان بوون، لەو دوورەوە تەنیا فرمێسکەکانیان دیارە وەک یاقووت دەدرەوشێنەوە
ئەوەی لە دوایان بەجێ ماوە خۆڵەمێش و یادگارییەکانە
بەڵام ئەگەر لە یادیشی بکەن، ئەو جوان بوو
برژانگەکانی بە دەوری چاویدا دەتگوت حەجاجەکانن دەوری کەعبەیان داوە
.....
سوێندیان خوارد بە تاوێرەکان و سێبەرەکانیان
سوێندیان خوارد بە باڵندەکان و نیشتنەوەکانیان، وتیان پاییز بێت تۆش لە بیرت دەچێتەوە
پاییز هات و توترکەکان نەیانهێشت لەبیرم بچێتەوە،
هەنجیری ساردی بەیانیان نەیانهێشت لەبیرم بچێتەوە
وتیان پاییز بڕوات تۆش لەبیرت دەچێتەوە
پاییز ڕۆیشت و زستان هات، ڕەشەبا وەک کۆترێکی نەخۆش لە کۆڵان دەیناڵاند
چۆلەکەکان دەتگوت سوریێژەن بە سەر پشتی بەفرەوە
هەڵلەرزینی تووتکە سەگەکان لەناو حەوشەی قوتابخانەکاندا نەیانهێشت لەبیرم بچێتەوە
جێ پێی منداڵان لەناو قوڕدا نەیانهێشت لەبیرم بچێتەوە
بەهارە و با وەک گورگی هار هەورەکان ڕاو دەنێت،
هەورەکان ناهێڵن لەبیرم بچێتەوە
هاوینە و ئەستێرەکان دەڵێی جێ گوڵلەن بە سەر سنگی شەوەوە، ئەستێرەکان ناهێڵن لەبیرم بچێتەوە
شەو هات و وتیان بخەوە با لە یادت بچێتەوە، خەوتم و لە خەوەندا زستان بوو؛ بەفرێکی زۆر لە ئێگزیتەر باریبوو، کچەکەم دەیگوت بابە چاوت لێیە بەفرێکی زۆر لە ئێگزیتەر باریوە!